# له ئەلف و بێی باڵدارەوە بۆ خوێندنی کوردی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنێکی پەروەردەیی و زمانەوانی

م.ی. سۆران عبدالرحمن حمد م.ی. عوسمان کەریم عبدالرحیم
زانکۆی سلێمانی
سکولی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زمانی کوردی

**پێشەکی:**

دواندن و وروژاندنی بابەتێکی وا هەستیار دەرئەنجامی خەمخواردنێکی بەردەوامە بۆ ئەو قۆناغە گرنگەی، کە بە سەرەتای ئاشنابوونی منداڵ بە دونیای ئەکادیمی و زانستیی دادەنرێت، تەنانەت داهاتوویشی هەر لەو قۆناغە هەستیارەوە دەست پێدەکات، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە، هەمیشە چیرۆک و وانەکانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە خەیاڵ و هزرماندا ڕاگوزەر دەکات، بۆیە پێویستەڕێگا بۆ کەسانی تایبەتمەند و پسپۆڕ چۆڵ بکرێت و بە تواناو بیری جوان و باش، ئەم پرۆسەیە بەرەو پێش بەرن.

**١-٠: ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:** ناونیشانی توێژینەکە (لە ئەلف و بێی باڵدارەوە بۆ خوێندنی کوردی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنێکی پەروەردەیی و زمانەوانی)، بواری توێژینەوەکە خستنەڕوو هەڵسەنگاندنی هەردوو کتێبی پەروەردەیی فێربونی خوێندنەوە بۆ منداڵانی قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی، تەرخانکراوە.

**٢-٠: هۆی هەڵبژاردنی بابەت:** یەکێك لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی دانانی کتێبی ئەلف و بێ بە شێوەیەکی پەروەردەیی و ئەکادیمی فێرکردن و ئاشناکردنی منداڵانە بە پیتەکان، گرنگترین قۆناغیش لە سەرەتای فێربونی پیتەکانی زمانەوە دەست پێدەکات و پاشان ناسینەوەو ئاشنابوونیانە لە چوارچێوەی وشەوڕستەو دەقدا.

**٣-٠: ڕێبازو ستراکچەری توێژینەوەکە:** ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە بەراوردکارییە، بۆ ئەوەی ئەنجامەکانیشی وردو درشت بن لە هەندێ شوێندا پشت بە ئامار بەستراوە، ستراکچەری توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکییەکی کورت و دوو بەشی سەرەکی لە بەشی یەکەمدا باس لە چەند بابەتێکی گرنگی پەروەردەو زمانەوە خراوەتەڕوو، تیشك دەخاتە سەر لایەنی پەروەردەیی و زمانەوانیی ئەو کتێبانە، بە شێوەیەکی ئەکادیمی و بابەتییانە پەنجە بۆ شێوازەکانی فێربوونی خوێندنەوەڕادەکێشێت. لە بەشی دووەمیشدا ئاماری ئەو وشەوڕستانەی لەو دوو کتێبەدا هەن، خراونەتەڕوو، پاشان بەراوردی نێوان بابەتەکانی ئەو دوو کتێبە بە ئامار باسکراون. پاشان ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتووین خراونەتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەو پوختەی توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە بەردەست.

**بەشی یەکەم: ڕێگاکانی فێربوونی خوێندنەوە لە قۆناغەکانی بنەڕەتیدا:**

**١-١ : چەمکی خوێندنەوە پەیوەست بە فێربونەوە لە قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی و ئامانجەکانی**

خوێندنەوە پرۆسەیەکی دەوڵەمەند و گرنگی تاك و کۆمەڵە، ژیانێکی باشتر بە مرۆڤ دەبەخشێت، و خەیاڵ و بیرکردنەوە دەوڵەمەند دەکات و گۆشەی زانیارییەکان فراوان دەکات، هەروەها یارمەتیدەریشە بۆ بەدەستهێنانیڕەفتارێکی شیاو بۆ مرۆڤ.[1] یاخود خوێندنەوە پرۆسەیەکی بیرکردنەوەیی ئاڵۆزە هێماکان (پیتەکان) بەسەریەکەوەڕاڤە دەکات. خوێندنەوە بە دوو پرۆسەی زۆر گرنگدا دەڕوات:

أ) بزاوتن: ئەم پرۆسەیە بە هۆی بەکارهێنانی هەستەوەرەکانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەمیش بەهۆی کۆئەندامی چاوەوە دەبینرێن، و بە هۆی کۆئەندامی درکاندنەوە دەدرکێنرێن.

ب) ئاوەزیی:ڕاڤەکردنی واتایی و تێگەیشتنیڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆو بەرهەمهێنان و لێکدانەوە بۆ دەق و وشەکان دەکات.

قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی، بە سەرەتای ئاشنابونی منداڵ بە جیهانی زانستیی و ئەکادیمی دادەنرێت، هەروەها بناغەو بنەمایەکی گرنگیشە بۆ ئەوەی منداڵ تیایدا تواناکانی خۆی بخاتە بەرچاو، کەواتە لەبەرئەوەی ئەم قۆناغە بە هەستیارترین قۆناغی تەمەن دادەنرێت دەبێت بە شێوازێکی پەروەردەیی هاوچەرخ داهاتوویەکی باشتریان بۆ دروست بکرێن، بۆیە کاتێك منداڵان بۆ یەکەمجار فێری خوێندنەوە دەکرێن (پێویستە زۆر بە گرنگییەوە ناوەڕۆکی خوێندنەوە تێکەڵ بە بیری منداڵ بکرێت، بۆیە کاتێك بابەتەکە بۆیان دەخوێندرێتەوە پێویستە زۆر بە باشی بتوانن ئەوەی بۆیان خوێندراوەتەوە دەری ببڕنەوە، کە ئەوەش یارمەتی منداڵ دەدات بۆ ئەوەی فێری چالاکی وەرگرتن ببێت)[2].

خوێندنەوە بە کارامەیی زانستیی بنەڕەتی دادەنرێت، کاریگەری دەخاتە سەر لایەنەکانی تری زانست، ئەگەر بەراوردی نێوان زانستی بیرکاری و خوێندنەوە بکەین هیچ گومانێك نامێنێت لەوەی وانەی خوێندنەوە لە وانەی بیرکاری بە سەرەکیتر دادەنرێت، چونکە بابەتی خوێندنەوە لە دەرەوەی دامەزراوە فێرکارییەکانیش هەر گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بۆیە تاك هەوڵی ئەوە دەدات فێری خوێندنەوە ببێت بۆ ئەوەی زانیاری وەربگرێت[3].

یەکێك لە گرنگترین کارامەییەکان، ئەوەیە منداڵ بتوانێت خودی خۆی دەرببڕێت تەنانەت، ئەگەر بە نوسینیش بێت، واتە دەتوانێت زمانی نوسین بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی خودی خۆی دەرببڕێت، چونکە (نوسین بەرهەمهێنانەکی سەرەکی زانیاری دادەنرێت، پرۆسەی کێشانی پیتەکان، یا وشەکانە بە پشت بەستن بە شێوەو دەنگ بۆڕاڤەرکردنی خودی مرۆڤایەتی)[4].

پێویستە لە کاتی دانانی بابەتی فێربونی خوێندنەوە لە قۆناغی بنەڕەتیدا ئامانجەکانی تەواوڕوون بن، بۆ ئەوەی پەروەردەناسان پشتی پێ ببەستن لە کاتی پلان دانان و بەکارهێنانی تەکنیك و هۆکارەکان و چالاکی و شێوازی گونجاو...هتد.

---

١. لطيفة حسين الكندري، تشجيع القراءة، ٢٠٠٤ص١٨، ط١، الكويت.

٢. القراءة والكتابة مع طفلك من مرحلة الروضة حتى الصف السادس، وزارةالتربية والتعليم في أونتاريو، ٢٠١٢.ص ٦ .

٣. قحطان احمد الظاهر، صعوبات التعلم، ص ١٨٧، ط١، ٢٠٠٤، عمان الاردن.

٤. قحطان احمد الظاهر، صعوبات التعلم، ط١، ٢٠٠٤، ص ٢٣٩

بۆ بە دەست هێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوە، پێویستە بایەخ بە ئارەزووەکانی مناڵ و گەشەی جوڵەیی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی و سۆزداری منال بدرێت. بۆ ئەوەی ئەم ئامانجانە لە قۆناغی بنەڕەتیدا بە دەست بهێنرێت، پێویستە بابەتەکان سادەو ساکار بن، لەگەڵ تەمەن و گەشەی ئاوەزیی منداڵدا گونجاو بن، بۆ ئەوەی بە سانایی وەریان بگرێت و لێیان تێبگات و دواتر چێژیان لێ وەربگرێت و خۆشەویست بێت.

چەند بنەمایەکی گرنگ هەن، پەیوەندیڕاستەوخۆیان بە پرۆسەکانی خوێندنەوەوە هەیە، بریتین:-

**١-١-١: سەرەتاکانی فێربونی خوێندنەوە:** پێویستە منال لە باخچەی ساوایاندا زۆر بە باشی ئامادەکرا بن، بۆ ئەوەی فێری خوێندنەوەو نوسین بکرێن، چونکە پرۆسەیەکی زۆر گرنگترو تاڕادەیەك ئالۆزتردا دەڕۆن ئەویشڕاهێنیانە لە سەر فێرکردن و ناسینەوەی فۆنیمەکانی زمانی دایك، بە شێوەیەکی پەروەردەیی و زانستیی، چونکە سەرەتای فێربونی هەر زمانێك بە زمانی دایکیشەوە هەر لەو دانە بچوکانەوە دەست پێدەکەن بۆ ئەوەی بتوانن قۆناغەکانی فێربونی خوێندنەوە بڕن، ئەمەش بێگومان لە قۆناغی یەکەمی بنەڕەتییەوە دەست پێدەکات و پاشان بەردەوام لەو دانە وردانەوە دانەی گەورەتر فێر دەبن ئەویش بڕگەو پاشان وشەوڕستەیە، هەموو ئەمانە بە چەند پرۆسەیەکی زۆر گرنگدا دەڕۆن، کۆی ئەم پرۆسانەش پێکەوە تووند گرێدراون، چونکە تاك تاکە ئەو دانە وردانە هیچ واتایەکیان، بەڵکو لە چوارچێوەی دەق و پارچە ئاخاتنێکدا واتا دەبەخشنە مۆرفیم وڕستەکان.

**١-١-٢:ڕیزبەندی ئەلفبێی:** هەمو زمانێك خاوەنی کۆمەڵە فۆنێمێکن، دەکرێت وەك دوو بەشی سەرەکی بخرێنە بەرچاو. ئەوانیش بریتین لە فۆنێمەڕەسەنەکانی زمانەکە (بەشێکی گەورەی فۆنیمەکانی زمان پێکدەهێنن)، بەشەکەی تریشیان وەرگیراون (بەشێکی بچوکی فۆنیمەکان پێکدێنن)، بەپێی قۆناغە جیاجیاکانی مێژوی زمانەکە لەگەڵ لێکسیکە وەرگیراوەکانەوە هاتوونەتە ناو زمانەکەوە، جا بەهۆی دراوسێتییەوە بێت، یا ئایینی، یا داگیرکاری، یاخود بە هۆی بازرگانی و پیشەسازییەوە بێت، بۆ نمونە بەشێکی فراوانی وشەکانی زمانی عەرەبی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە جا بە هەر هۆکارێك بێت، بەشێکیان بە هۆی ئەوەی لە براتۆری زمانی کوردیدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، وەك: عوسمان (عثمان)، تاهیر(طاهر)و زاهیر (ظاهر). لە هەر سێ نمونەکەدا (ث،ط،ظ) کە ئەمانە فۆنیمن لە زمانی عەرەبیداو واتا دەگۆڕن، بەڵام لە زمانی کوردیدا واتا ناگۆڕن، بۆیە پلەی فۆنیمیان نییە، هەرچەندە فۆنیمی (ع) لە زمانی کوردیدا فۆنێم نییە واتە وشەیەکی کوردی نییە واتای پێبگۆڕێت بۆیە هەندێ جاری بۆ سانایی دەربڕین دەکرا بە (و) بۆ نمونە تا ماوەیەکی زۆریش لە سلێمانی بە (عوسمان) دەگوترا (وەسمان)، بەڵام عومەر و عەلی و عادیل و عێزەدین و ... وەك خۆی مایەوە، لە زمانی فارسی هاوخێزانی زمانە ئێرانێکاندا دەگۆڕێت بە (ئـ) وەك ((ئەلی، ئومەر، ئوسمان، ....)). لەگەڵ ئەوەشدا لە زمانی کوردیدا لە ناوچەی پشتدەرو بەشێکی بتوێن و خۆشناوەتی وڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەنگی (ع) لەگەڵ (ح) دا جێگۆڕکێ دەکەن هەر نمونەکانی پێشتر بەم شێوەیە دەگوترێنەوە (حومەر و حەلی و حادیل و حێزەدین)، بە هەمان شێوە (ح)ش دەگۆڕێت بە (ع)، وەك (معەمەد، عوسێن،...)) ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووە بۆ بێگانە بوونی ئەو دوو پیتە[٥]. لە زمانی ئاخاوتنی فارسیشدا وەك خێزانە زمانی هاوبەش لەگەڵ زمانی کوردیدا زۆربەی (ع)ەکان دەگۆڕێن بۆ (ئـ)، بەڵام هەندێ جار لە زمانی کوردیدا پێچەوانەکەشیڕوودەدات، واتە لە (ئـ)وە بۆ (ع) بۆ نمونە (قورئان) دەبێت

٥. بۆیە زاراوەی (پیت)مان ۆ بەکارهێناون ، چونکە لە زمانی کوردیدا پلەی فۆنیمیان پێ نەدراوە، لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە.

بە (قورعان)، (ئاسمان) دەبێت بە (عاسمان).. ئەوڕێزبەندییەی لە زمانی کوردیدا هەیە، هەر لە عەرەبییەکەوە وەرگیراوە ((أ ب ت پ ج ح خ د ژ ...)) لە زمانی کوردیدا هەر بە هەمانڕیزبەندی بە خستنەسەر کردنی پیتە کوردییە لێك نزیکەکان (ا ب پ ت ج چ ح خ درِ ز...) دەرکردنی پیتە نامۆکان ئەوانەی لە زمانی کوردیدا واتا نەگۆڕن، بەکارهێنانی ئەمڕیزبەندییە بۆ فێربونی فۆنیمەکان لە زمانی کوردیدا زۆر ئەستەمە، چونکە لەگەڵ سیستەمی بەکارهێنانی زماندا یەك ناگرێتەوە، دەشێت لە زمانێکی تردا پەیڕەو بکرێت وەك عەرەبی و ئینگلیزی، لەبەر ئەوەی ژمارەی پیتەکانی ئەو زمانانە تاڕادەیەك چەسپاوترن، سەرەڕای ئەمەش لەڕووی ژمارەی پیتەکانیانەوە لە زمانی کوردی کەمترن.

**١-١-٣: دەنگ (فۆن):** ئەو دەنگەیە، کە بە شێوەیەکیڕێکخراوو بێ سنور[٦] و بێ واتان لە چوارچێوەی یەکەیەکی واتاداری زمان (مۆرفیم) دا دەردەکەوێت و گرنگترین بەشی برگەیە لە زماندا، کە منداڵان سەرەتا فێری دەنگ دەبن، پاشان فێرە شێوەکەی و دواتر لە چوارچێوەی وشەیەکدا دەیبیننەوە، گومانی تێدا نییە لە زماندا پێش وێنە، یا پیت دێت، چونکە مرۆڤ لە سەرەتادا دەنگ فێر دەبێت، پاشان وێنەکەی. تەنانەت زۆرێك لە مامۆستایان سەرەتا هەوڵ دەدەن منداڵەکان دەنگەکان بڵێنەوەو پاشان لە چەندین شوێنی تردا دوبارەی دەکەنەوە، ئەمەش وەکو یارمەتیدەرێکی باش بۆ ئەوەی بتوانن بایەخ بە کۆئەندامی ئاخاوتن و بیستنی قوتابیان بدەن، جگە لەوەش دەربڕینی ئاوازێکی خۆش لەلای منداڵان ئارەزومەندایەو حەز بە دوبارە کردنەوەی دەکەن، ئەمەش بەشێکە لە حەزو خولیای منداڵ.. بۆ نمونە:-

د: دا دە

ب: با بە

ت: تا تە ...هتد.

**١-١-٤: فۆنێم[٧] (وێنەی دەنگ/پیت):** دوابەدوای فێربونی دەنگ (فۆن)، ئەرکێکی تاڕادەیەك گرانتر دەست پێدەکات ئەویش چەسپاندنی شێوەی دەنگەکەیە، پێی دەگوترێت فۆنێم، چونکە سنوردارکردنی ئەو دەنگە دوبارە بووانەیە، کە هەر یەکەیان پلەیەکی جیاوازتری هەیە. فۆنیم ((بریتییە لە بچوکترین یەکەی دەنگیی، کە دەتوانێت لە زماندا واتا بگۆڕێت))[٨]بۆ نمونە:

کات سات ..

دار تار شار مار هار پار ...

هەندێ جاریش دەتوانرێت ئەم وشانە بەکار بهێنرێن بۆ فێربونی فۆنیمی بەرانبەر، ئەمەش لەڕێی گۆڕینی یەکێك لە فۆنیمەکانی هەمان وشەو گۆڕینی بە فۆنیمێکی تر بە مەرجێك ببێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە بۆ واتایەکی تری جیاواز.

فۆنیمەکان ژمارەیان بەپێی زمانە جیاوازەکان دەگۆڕێت، بۆ نمونە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی عەرەبی (٢٨)ە، و زمانی ئینگلیزی (٢٦) فۆنیمە..

---

٦. مەبەست لە بێ سنور ئەوەیە لە چەندین شوێنی ترداو بە پلەی جیاواز دەردەکەوێتەوە، بۆ نمونە ((کێ ، کەرکوك ، پاك،..)) هەریەك لەو دەنگی (ك) یانە لەوی تر جیاوازترە، ئەمانە پێیان دەگوترێت ئەلۆفۆنی دەنگی (ك)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ((غازی فاتح وەیس، (١٩٨٤)، فۆنەتیك، ل٤١)).

٧. فۆنیم وشەیەکی فەڕەنسییە، بە واتای دەنگی ئاخێوەر(قسەکەر) دێت.

٨. Kaith Johnson and Helen Johnson, Encyclopedic Dictionary of Applied Linguistics: page ٢٤٤, ١٩٩٩.

جـێگیری و چەسـپاوی و ژمـارەی فۆنیمرۆڵیـان لـە پرۆسـەی فێرکردنـدا هەیـە. تەنانـەترۆڵیان لـە پەیڕەوکردنیڕێگاکانی فێربونی خوێندنەوە (ئەلفوبێ)دا هەیە، ئەگەر ژمارەی فۆنیمەکان زیاتر بن، ئەوا کاتێکی زیاتری دەوێت، بۆ ئەوەی منداڵان بە تـەواوی لـە مـاوەی دیـاریکراودا فێـری ئـەلفوبێی زمانەکـەیان بـبن، چونکە هەندێ جار بێزاری لەلای منداڵەکان دروست دەکات، واتە هەرچەندە ژمارەی فۆنیمەکان کەمتربن منـداڵان زیـاتر چالاکتر دەبن لەکاتی خوێندنەوەدا، ئەگەر بڕوانینە زمانی کوردی و تەماشای فۆنیمەکانی بکەین لە نێوان (٣٠ – ٣٧) دایە، هەرچەندە هەندێ زمانەوان بۆچونیان وایـە، کـە هـیچ پێویسـت ناکـات هەنـدێ فـۆنیم هاتوونەتـە نـاو زمانەکەوە بەهۆی وەرگرتنەوە لە زمانەکەدا هیچ چالاکییەکی ئەوتۆیان نییە، تەنیا لە وشە وەرگیراوەکەدا، بۆیە هیچ پێویست ناکات پلەی فۆنیمی لە زمانی کوردیدا بدرێتێ، بۆ نمونە (ع، غ) بەڵام لە نوسـیندا وەك پیتێـك لـە چوارچێوەی وشەیەکدا دەنوسرێت، واتە وەك پیتێك فۆنیمێکی وەرگیراو دەنوێنن.

هەروەها هەندێ فۆنیمی تـر، گـەورە کـراون پلـەی فۆنیمیـان لـە زمـانی کوردیـدا دراوەتـێ بـۆ نمونـە /وو/ درێـژ، لەگەڵ ﴿ئـ﴾ تـەنیا دەرکەوتەیـەکی فۆنەتیکییـەو هـەروەها لەڕێنوسـە لاتینییەکەشـدا دەرناکـەوێت. بـەڵام (وو) درێژ بەلگەی ئەوەمان بۆ دەهێننەوە، کە یەکێك لە مەرجەکانی بوون بە فۆنیم گۆڕینی واتایە، بـە نمونـە (دوو) لەگەڵ (دو)، (دوور) (دور) هیچ واتایان نەگۆڕیوە.[٩]

١-١-٥: پیت: یەکەیەکی ڕووتە بۆ نواندنی دەنگێك یا زیاتر کێشراوە.[١٠] فۆنیمیش وەکو وێنەیەکی دەنگەو هـەرگیز دەنگەکە خۆی نییە، چونکە فۆنیم لە هەمووڕاستییەکی دەنگڕووت کراوەتـەوە.[١١] ((غـازی فـاتیح وەیـس دەڵێت: ((لە زمانی کوردیدا، ژمارەی پیتەکان و فۆنیمەکان وەك یەکن))[١٢]. کاتێك دەگوترێت پیت، کـە لـە ئـەرتۆگرافیای زمانەکەدا بوون و سەنگی هەبێت، واتە هێشتا نەدرکێنراوە، لە کاتی درکاندنیاندا دەبن بە نوێنەری فـۆنێم، واتـا مەبەست لەو فۆنیمانە، کە لە زمانی کوردیدا واتا دەگۆڕن و بوونێکی فیزیکییان هەبێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا هەندێك پیت هەن، بە پێی مەرجەکانی بوون بە فـۆنیم لـە هـەر زمانێکدا یـەکێك لـە مەرجـەکان نایانگرێتـەوە ئەویش گۆڕینی واتای وشەیە، نەك هەر ئەوەش بەڵکو ئەو فۆنیمانە تەنیا لەو وشـەو زاراوانـەدا بـەدی دەکرێت، کە بە ئامادەکراوی هاتوونەتە ناو زمانەکەوە، بۆیە لە کاتی نوسیندا وەك پیت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت نـەك فۆنیم. گرنگترین جیاوازی لە نێوان پیت و فۆنیم ئەوەی فۆنیم بچوکترین لەتی وتە (قسە)یە، کـە دەبێتـە هـۆی گۆڕینی واتا، بەڵام پیت بریتییە لـە هێمایـەك یـاخود وێنەیـەکی دیـاریکراو، کە بەرانبـەر فـۆنیمێکی دیـاریکراو خۆی دەنوێنێت.

بە چەند تێبینییەك بۆچوونەکان دەخەینەڕوو:-

١) (ئـ) تەنیا لە کاتی درکاندندا هەستی پێ دەکرێت، واتە دەرکەوتەیەکی فۆنەتیکییە و لە نوسـینی ئـەلف بێی لاتینیدا وێنەی نییە.

٢) (وو) ی درێژ جگە لە چەند وشەیەك نەبێت، لە سەرجەم لێکسیکی زمانەکـەدا واتـا نـاگۆڕن، بۆیـە وەك فۆنیمێك مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت، چونکە دەکرێت دوو فۆنیم یەك دەنگ بە هۆی دراوسـێتییەوە دروسـت بکـەن

---

٩. بڕوانە ((بەکر عومەر عەلی: فۆنیمی (و) درێژ لە زمانی کوردیدا، گ. زانکۆی سلێمانی بەشی B، ژ. ١٥))

١٠. عبدالرحمن بن ابراهیم الفوزان، دروس فی النظام الصوتی للغه العربیه، ١٤٢٨هـ، ص٧.

١١. غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، ١٩٨٤، ٥٧.

١٢. سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا ( much, chad,...) لە زمانی کوردیشدا ((هەنگ، مەنگ،...)) بە هۆی دوو فۆنیم دەنگێکی تێکەڵ دروست بووە.

٣) (ع) لە وشە وەرگیراوە عەرەبێکاندا بەرچاو دەکەوێت، وەك: ((موعامەلە، مەعمەل، عەلی ....)).

٤) (غ) پیتێکی بێ دەنگەو بەلام گرە لەگەڵ (خ)ی کوردیدا ئەلۆفۆنن. غەزور – خەزور، قەرەداغ – قەراخ... بەڵام لە هەردوو وشەی (خار) و (غار)دا واتای وشەکە دەگۆڕن.

٥) (ح) ئەم دەنگە هەرچەندە لە زۆر جێگەدا هەستی پێ دەکرێت، کە لە ئەنجامی گۆڕانێکی دەنگییەوە دروست بووە، لە ئێستادا وەك فۆنیم کار دەکات، بەڵام توانای لە فۆنیمەکانی تر لاوازترە.

هەموو ئەمانە گەواهیدەرن، یاخود ئەوە دەردەخەن، کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی بە ژمارەی پیتەکانی یەکسان نین، بەڵکو ژمارەی پیتەکانی لە فۆنیمە کەرتییەکانی زیاترە.

**١-١-٦: شوێن و پێگەی پیت (سەرەتاو ناوەندو کۆتایی):** پێش ئەوەی پرۆسەی فێرکردنی پیتەکان پەیڕەو بکرێن پێویستەڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە لە هەر گروپێکدا سێ ئاست هەیە، ئاستێکیان بە کاتێکی کەمتر فێر دەبن هەیانە ماوەیەکی زیاتری دەوێت، منالْ لە سەرەتای فێربونی زماندا هەر شتێك، خۆی مەبەستی بێت پێشی دەخات و بە لوتکەی دەکات، وەك: شیر ... واتە ((شیرم دەوێت))، یاری .... وەرە (واتە وەرە با یاری بکەین) ، ..

کەواتە شوێن و پێگەی پیتڕۆڵی هەیە لە پرۆسەی فێرکردن، زۆربەی پیتەکانی زمانی کوردی لە سەرەتاو ناوەندو کۆتایی بەرچاو دەکەون، وا باشترە ئەم پیتانە هەرسێکیان پێکەوە، یاخود یەك بەدوا یەکدا هاتبن، بۆ نمونە:- بۆ فێربونی پیتی (ب)

بابە کەڵەباب بەهار، ....

هەموو ئەمانە تەنیا یەك فۆنیم یا یەك پیت دەنوێنن پێویست ناکات بە جیا بخوێنرێن.

هەندێ پیتیش تەنیا لە سەرەتاوە[١٣] بەرچاو دەکەون ..وەك: ئاوێنە، ئاکار، ....

**١-١-٧: برگە:** کۆمەڵە دەنگێکە، پێکهاتووە لە ڤاوڵێكو کۆنسۆنانتێك پێکەوە بە یەك تەوژم دەردەچێت ، لە سەر ئەم بنەمایەش برگە بەشێکە لە وشەیەك یا وشەیەکی سەربەخۆیە. بۆ نمونە:

((سەر، چاو، دەم، دەست، شەو، شەڕ، مار، دە...)) هەموو ئەمانە یەك برگەن و وشەیەکی سەربەخۆشن، بەڵام ((خێ/ زان، تو/دڕك، سە/پان،...)) ئەمانەیش برگەن بەڵام بەشێکن لە وشەکان.

برگەرۆڵێکی گرنگ لەڕێکخستنی ئاخاوتندا دەبینێت، هەروەها وزە پارێزیشە، بە هۆی ئەوەی چەندین جار هەمان برگە لە کاتی قسەکردندا لە شوێنی تردا دوبارە دەکرێنەوە، ئەگەر نا ئەوا دەبووە هۆی زۆری ژمارەی برگەو وشە، کە ئەمەش بارگرانییەکی زۆری لە سەر قسەکەر دروست دەکرد. زۆرێك لە پەروەردە ناسان و زمانەوانان پشتیان بە چۆنێتی درکاندن و دوبارە کردنەوەی لای منالْ بەستووە، بۆ ئەوەی بە باشی و ئاوازی بەرزو نزمەوە منداڵەکان فێری دەنگە نوێکان ببن. بۆ نمونە:-

وانەی یەکەم[١٤]:

١٣. لە زمانی کوردیدا هەمزە لە کۆتایی وشەوە بەدی ناکرێت، تەنیا لە دوو وشەدا نەبێت (نەء، بەء)) هەرچەندە لە جیاتی ئەم دووانە (نەخێر و بەڵێ)) یا (نا و با) بەکاردەهێنرێت.

١٤. شێوەی تایبەتی دوکتۆر سۆران کوردستانی، کوردی فێربین ttp://www.sorankurdistani.com/kurdiferbin.

ئا

با

ئابا

ئـ ئا

**١-٢: ڕێگاکانی فێربونی خوێندنەوە:**

**دووڕێگای سەرەکی بۆ فێربونی خوێندنەوە هەن، بریتین:-**

**((یەکەم:ڕێگای پێکهێنان یاخود بەشیی.**

**دووەم:ڕێگای شیکردنەوەیی.**

**سێیەم:ڕێگای تێکەڵ.))** [15]

**یەکەم:ڕێگای پێکهێنان (بەش)** [16]**: (پیت + پیت + ... > وشە)، دوو شێوە لەخۆ دەگرێت:-**

**١) شێوەی ئەلفبێی: ئەمەش بە فێرکردنی ناوی پیتەکان، بە شێوەیڕیزبەندیی دەست پێدەکات. واتە ((ناوی پیتەکان یەك بەدوای یەك دەگوترێنەوە)). بۆ نمونە:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ا | ئەلف | ئەی | A |
| ب | بێ | بی | B |
| پ | پێ | سی | C |
| ت | تێ... | دی | D... |

**ئەم شێوەیە چەند کەموکوڕییەکی هەیە، دیارترینیان:-**

**- پێچەوانەی سروشتی هزری مرۆڤە، چونکە مرۆڤ زمان وەك سیستەمێك بەکار دێت، واتە پێچەوانەی سروشتی بەکارهێنانی زمانە، وشەوڕستەکان بەسەر یەکەوە دەدرکێنرێت نەك بە شێوەی پیت.**

**- شێوازێکی خاوە، سەرەتا منداڵ فێری پیتەکان دەکرێن، پاشان بەڕاهێنان وشەی پێ دروست دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاربوونی منداڵ.**

**٢) شێوەی دەنگیی: فێربوونی دەنگی پیتەکان، بە بێ ئەوەی گرنگی بە ناوی پیت وڕیزبەندییان بدرێت. ئەم شێوازەش تاڕادەیەك لە شێوەی ئەلفبێی باشترە، چونکە منداڵ فێری دەنگی پیتەکە دەبێت نەکرێزبەندییان، مامۆستا وێنەی شتێکیان نیشان دەدات، کە بەو پیتە دەست پێدەکات.**

**سیماکانی ئەم شێوەیە:-**

**- یارمەتی منداڵ لەسەر ناسینەوەی دەنگی پیت و شێوە جیاوازەکانی دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی توانای خوێندنەوە لای منداڵەکە.**

**- منداڵ ئامادە دەکات بۆ ئەوەی دەنگی هەموو پیتەکان بناسێت.**

**خەوشەکانی ئەم شێوەیە:-**

---

١٥. محمد عدنان عليوات، تعليم القراءة لمرحلة رياض الاطفال والمرحلة الابتدائية، ٢٠١٣، الاردن، ص٦٦.

١٦. منى الحمادي٢٠-٨-٢٠١٥.http://bafree.net/alhisn/showthread.php?t=٥٨٦٢٤

- نەبوونی حەزو ئارەزوو پاڵنەری منداڵ بۆ خوێندنەوە، چونکە تەنیا بیریان لە دەنگی پیتەکان چڕ دەبێتەوە.

- پێچەوانەی سروشتی هەستپێکردنی هزری مرۆڤە، چونکە سەرەتا منداڵ تەماشای هەموو وشەکە دەکات، نەك بەشەکانی.

- مرۆڤ یەکە زمانییەکان پێکەوە بەکاردەهێنێت، نەك بە شێوەی پیت.

٣) شێوەی بڕگەیی: لێرەدا بۆ فێربوونی پیتە بێ دەنگەکان (کۆنسنانتەکان)، سەرەتا پیتە دەنگدارەکان (ڤاوڵەکان) فێری منداڵان دەکرێن، بە تایبەتی هەردوو پیتە دەنگداری /ا/ و /ە/ ، دواتر لەگەڵ پیتە بێ دەنگەکان بڕگەیەکی کراوە، دروست دەکەن، بۆ نمونە:

دا        با

دە        بە

ما        کا

مە        کە ....هتد.

سیماکانی ئەم شێوەیە:

- تاڕادەیەکڕێگەیەکی ئاسانە بۆ منداڵان پێش چوونە باخچە، یان(قوتابخانە) گونجاوە.
- بە یارمەتی پیتە دەنگدارەکان پیتە بێ دەنگەکان دەدرکێنرێن.
- وەکوو دوو شێوەکەی پێشوو، پێچەوانەی سروشتی هزری مرۆڤە، چونکە لە بەشەوە بۆ گشت هەنگاو دەنێت.
- مرۆڤ، زمان و وشەکان بە شێوەی بڕگە بڕگە دەرنابڕێت، بەڵکو هەموو بەسەر یەکەوە دەدرکێنرێت.

دووەم:ڕێگای شیکاری (گشت) ، سێ جۆرە:

١) شێوەی وشە [17]: وێنەو شێوەی وشەکە چەند جارێك نیشانی منداڵەکان دەدرێت‌و پاشان وشەکە بەبێ وێنەکەی، دواتر داوایان لێدەکرێت یەکەم پیتی وشەکە بخوێننەوە، کە وا باشترە بەڕەنگێکی جیاواز بنووسرێت.

بۆ نمونە: دار ، داس ، ...

سیماکانی:

- خوێندنەوەی وشە لەناو یەکە زمانەوانییەکان، ئەمەش یارمەتی منداڵ دەدات بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەدا خێرا بێت‌و تووشی بێزاری نەبێت.

- بەشێوەیەکی گشتی، تاڕادەیەك لەگەڵ سروشتی هزری مرۆڤدا گونجاوە.

خەوشەکانی:

- هەندێ وشەی واتایی قۆناغی وەرگرتنی پیتەکان لە مێشکیدا دوادەخات، بە تایبەت ئەو وشانەی لە دنیای منداڵدا بەرجەستە نین.

- شارەزایی منداڵ لەو چەند پیتەی ناو ئەو وشانەی بەکارهاتوون چڕ دەکاتەوەو پیتەکانی تر فەرامۆش دەکات.

٢. شێوەیڕستە [18]: لەم شێوەیەدا، پێویستە منداڵان بەم شێوەیە فێر بکرێن:

١٧. سوزان عبدالستار عبدالحسين: تقويم الطريقة الهجائية، مجلة الفتح : ٢٠١٢: ٣٨٣.

١٨. منى الحمادي٢٠-٨-٢٠١٥.http://bafree.net/alhisn/showthread.php?t=٥٨٦٢٤

أ- مەرجی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، کە دەبێتڕستەکان زۆر کورت بن‌و لەگەڵ واتای وێنە نیشاندراوەکە گونجاو بێت.

ب- بەڕستە دەستپێدەکات، نەك بە وشە، یا بە پیت.

پ) مامۆستا چەند جارێکڕستەکە دەخوێنێتەوە و وێنەکەیان نیشان دەدات.

ت) پاشان بە کۆمەڵی پێکەوەڕستەکەیان پێدەڵێتەوەو دواتر وێنەکەی لا دەباتو تەنیاڕستەکەیان نیشان دەدات.

ج) دواترڕستەکان بۆ پێکهێنەرەکانی شیی دەکاتەوە، کە مۆرفیمەکانێتیو دواتر مۆرفیمەکان شیدەکاتەوە بۆ پیتەکانیو پیتە نوێیەکەیان پێدەناسێنێت.

سیماکانی:

- هەردووڕێگەی خوێندنەوەو نوسین کۆ دەکاتەوە.

- منالٚ لەسەر تێگەیشتنی واتاڕادەهێنێتو ئارەزووی منالٚ بۆ خوێندنەوە گەشە پێ دەدات.

خەوشەکانی:

- توانای وەرگرتنی منالٚ بۆ وەرگرتنیڕستەو پاشان شیکردنەوەی بۆ پێکهاتەکانی کارێکی قورس‌و ئاڵۆزە.

-ڕاهێنانی منالٚ بۆ خوێندنەوەو نوسینیڕستە، دەبێتە هۆی دواخستنی پرۆسەی شیکردنەوە بۆ وشەو پاشان بۆ پیتەکانی.

٣. شێوەی چیرۆك:

مامۆستا چیرۆکێکی زۆر کاریگەر بۆ منداڵەکان دەگێڕێتەوەو پاشان داوا لە منداڵەکان دەکات دوبارە بیگێڕنەوەوڕستەی یەکەم لە سەر تەختەکە دەنوسێتەوەو شیی دەکاتەوە بۆ وشەو پیتەکانی، ئەم شێوەیە نزیکە لەڕێگەی دووەم (ڕستە)، بە سەرروویڕستە واتە دەق دادەنرێت.

سێیەم:ڕێگای تێکەڵ (بەش‌و گشت پێکەوە)

ئەمڕێگایە خەوشەکانی هەردووڕێگاکەی پێشووتر چارەسەر دەکات، دەکرێت هەموو لایەنە باشەکانی ئەو دووانەی پێشوو لەمڕێگایەدا بەکاربهێنرێن.

سیماکانی:

- وشەکانی واتایان هەیە، هەردوو ناو و دەنگی پیتەکان فێردەبن، واتە بە هەردووڕێگەی دەنگیی‌وڕیزبەندی (ئەلفبێی).

- جیاکردنەوەی وشەوڕستەکان بە وێنەی سەرنجڕاکێش، یا سێڕەهەندی.

- شیکردنەوەی وشەکان بۆ دەنگو پێکهێنەرەکانی بە شێوەی دەنگییو پاشان ناوو وێنەی پیتەکانیان بەشێوەیڕیزبەندیی (ئەلفبێی) فێر دەکرێن.

- ئەمڕێگایە پشت بەڕستەی وەرگیراو لە ژینگە و شارەزایی منداڵ دەبەستێت، پاشانڕستەکان بۆ وشەکانیان شیی دەکرێنەوە، دواتر بۆ وشەو بڕگە، بڕگەکانیش بۆ پیتەکان شیدەکرێنەوە، دوای ئەم هەنگاوانە لە پیتەکان بڕگە و لە بڕگەکانیش وشەی نوێ دروست دەکرێتەوە.

**١-٢-١: خستنەڕوی هەردو كتێبی ئەلف و بێی نویێ باڵدارو خوێندنی كوردی پۆلی یەكەمی بنەڕەتی**

**ئەلف و بێ‌ی نوێ:** ئەم كتێبە لە زمانی كوردیدا بە كۆنترین بەرنامەی فێربونی پیت دادەنرێت، لە لایەن مامۆستا (ئیبراهیم ئەمین باڵدار)ەوە نوسراوەتەوە، نزیكەی شەست ساڵ كاری پێ كرا بۆ (٣٥) جار چاپ و بڵاوكرایەوە، یەكەم جار بەبێ وێنە ساڵی ١٩٥١ بڵاوی كردۆتەوە، پاش دوو ساڵ لە لایەن هونەرمەند (بەدیع باباجان)ەوە وێنەی بۆ كێشراو، دواتر لە ساڵی ١٩٥٦ لەلایەن خاتوو (تروودی میتلمان)[١٩]ەوە دوبارە وێنەی بۆ كێشاوەتەوە. نزیكەی (٥٨) بابەت لەخۆ دەگرێت[٢٠] و تیایدا سەرجەم پیتەكانی زمانی كوردی و شوێن و پێگەی پیتەكانی لە سەرەتاو ناوەڕاست و كۆتایی لە چوارچێوەی بابەتێكی سەربەخۆدا خستۆتەڕوو، هەروەها چەندین هەڵبەست و هۆنراوەی منداڵانی لە كۆتایی كتێبەكەیدا بڵاو كردۆتەوە بۆ لەبەركردن و وتنەوەیان لە كاتی وانە گوتنەوەدا. هەروەها تایتڵی بابەتەكانی بە شێوەی وشەو فرێزو هەندێ جاریش بە شێوەیڕستە خستۆتەڕوو، كە لەڕووی ستراكچەرەوە وشەكان زۆربەیان سادەن و پاشان لێكدراو داڕێژراو ... لەگەڵ هەر بابەتێكدا وێنەیەكی تەكخستووە بۆ ئەوەی ئەو بابەتانە لەلایەن منداڵانەوە دوبارە بە نواندن بكرێنەوە، چەند كەسایەتییەكیش لەم كتێبەداڕۆل دەبینن وەك (داراو زاراو ئازادو نەوزادو زەینەب و مام زۆراب...هتد)).. تەكنیكی فێركردن لەم كتێبەدا (پاشەكەوت كردنە) واتە لە هەر وانەیەكدا پیتێكی نوێ فێر دەكرێت و دواتر بەكاری دەهێنێتەوە بۆ وانەیەكی نوێتر، لەگەڵ بەكارهێنانی (ڕێگای تێكەڵ) وەك چیرۆك وڕستەو وشەو پیتی نوێ..

خوێندنی كوردی: كتێبی (خوێندنی كوردی) پۆلی یەكەمی بنەڕەتی، كە لە لایەن لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاوە لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە چاپی یەكەمی خراوەتە بەر خوێندن، ئەم كتێبە بەسەر دوو وەرز دابەشكراوە. لە كتێبی وەرزی یەكەمدا، لە دوو توێی (١٩٤) لاپەڕەدا چاپكراوە[٢١]. لە (٢٠) وانە واتە بیست پیت بەم شێوەڕیزبەندییە ((د،ڕ، ز، و،ر، ۆ، ی، ئـ، ن، ژ، ێ، ب، س، وو، م، ت، ك، ح، ش، پ))، لەگەڵ پێشەكییەك و چەند بابەتێكی وێنەدار بۆ ئاشناكردنیان بەو كەرەستانە، كە بە سەر چەند كەتیگۆرییەك پۆلێن كراون، لەوانە: پێداویستی ناو ماڵ و جلوبەرگ و هۆیەكانی گواستنەوەو چەند وێنەیەكی تری تێكەڵ پێكهاتوون لە مانگ و ئەستێرەو مێزی نان خواردن و وایتبۆرد و تەختە سڕ و خۆری بەرە بەیان و جێگەی نوستن و فڵچەو هەویری ددان هەموو ئەمانە لە ژێر چەتری وێنەی (پەیوەندیدار) پۆلێن كراون، هەروەها وێنەی سێگۆشەو چوارگۆشەو قەڵەمیڕەنگاوڕەنگ و جانتاو كتێب و پێداویستی پزیشكی لە ژێر چەتری (وێنەی نامۆ)ڕیز كردوون و پاشان چەند وێنەیەكی هاوشێوەی خستۆتەڕوو، كە یەكێكیان لەوانی تر جیاوازترە.. دواتریش هۆنراوەیەكی (ڕێزان بەكر)ی لە سەر (سمۆرە) بڵاو كردۆتەوە، لە سەرجەم بابەتەكاندا سمۆرەڕۆڵی سەرەكی لە فێركردندا دەبینێت، بەو پێیەی سمۆرە وەك گیانداریك لە ناوچە شاخاوییەكانی كوردستاندا بەرچاو دەكەوێت و خواردنی سەرەكی (گوێز)ە هەرچەندە لە بابەتەكاندا وەك مرۆڤێكرەفتار دەكات. دوابەدوای ئەمانەش چۆنێتی گرتنی پێنوس

---

١٩. حسێن بەفرین: ٢٠١٥: ٧٨.

٢٠. لەبەرئەوەی ئەم ڕێگەیەی باڵدار هەڵبژاردووە بۆ فێركردنی پیتەكان (شێوەی پاشەكەوتكردن)ە، یەكەم بابەتیشی بە وشەی (دار) دەستپێكردووە، كە پێشتر پێویستە مامۆستا منداڵان فێری بزوێنی درێژ و كورتیان بكات، دواتر لە یەكەم بابەتدا فێری پیتی (د) دەكات، بە شێوەی بڕگەیی (دا/ دە) ، (ا / ە) دواتر فێری پیتی (ر) دەكرێت، واتە سودی لە ڕێگەی تێكەڵ وەرگرتووە.

٢١. چاپی دووەمی ئەم كتێبە (٢٠١٥) بە هەمان شێوەو گۆڕانكارییەكی كەمەوە چاپكراوەتەوە. كە ناوی (١٩) ئەندامی لیژنەی ئامادەكار نوسراوە، هەروەها هەندێك لە وێنەی جیاواز جیاواز لە سەرەتای پرۆگرامەكەدا لابراوەو هەندێك لە چالاكییەكانیش لابراون، هەندێك لە قەبارەی نوسین و وێنەكان بچووك كراونەتەوە، بە (١٥٤) لاپەڕە خراوەتەوە بەردەست.

فێری منداڵەکان دەکرێت و یەکەم وانەی فێربونی خوێندنەوەش پیتی (د) بە وانەی (زەرد) دەستی پێکردووە لە چاپی یەکەمدا، بەڵام لە چاپی دووەمدا پیتی (د) بە وانەی (ئامەد) دەست پێ دەکات، واتە (زەرد) کراوە بە (ئامەد) و زۆرینەی بابەتەکان وەك خۆی ماوەتەوە، لەگەڵ فێربونی هەر پیتێکدا (٦-٨) چالاکی لەخۆ دەگرێت، بە بەوانەی پیتی (پ) تۆپ کۆتایی بە وەرزی یەکەم دەهێنێت. شێوازی فێرکردنی خوێندنەوەش لەم کتێبەدا (گشت)ەو لەناو گشتیشدا شێوەی (وشە-لێکسیك)ی بەکارهێنراوە لە ناو وشەکەیشدا پیتی مەبەستی بەڕەنگی سور خستۆتەڕوو، ئەوانی تریشیڕەش کردون. بە هەمان شێوە لە وەرزی دووەمی هەمان کتێبدا لە دوو تویی (١٢٢) لاپەڕەدا چاپکردووە، کە (١٣) وانەی تری وەك تەواوکەری وەرزی یەکەم داناوەو بە وانەی (٢١) دەست پێدەکات و بە وانەی (٣٢) کۆتایی پێ دەهێنێت، پیتەکانیشی بەمڕیزبەندییە خستۆتە بەرچاو: ((گ،ف،ل،ع،ڵ،ھ،ق،خ،ج،غ،ڤ،چ)) بە (سەگ) دەست پێدەکات و بە (ورچ) کۆتایی دێت.

١-٣-٢: بەراوردکردنیان لە سەر بنەمایڕێگاکانی فێربونی خوێندنەوە

((کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی)) پشت بە (ڕێگای شیکردنەوە – وشە) بەستووە، تاڕادەیەکڕێگایەکی گشتگیرە، لەناو گشتیشەوە بۆ بەشە پێکهێنەرەکانی ورد دەکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا وشەکان بە تەنیاو تاکە تاکە زمان پێکناهێنن‌و دەبێت بچنە پاڵ یەکتر بۆ ئەوەی یەکەی گەورەتر لەخۆیان بونیاد بنێن، کە ئەویشڕستەیە، هەروەکو چۆن زمانناسی ئەمریکی (نوام چۆمسکی)ڕستە بە دڵی زمان دادەنێت، زمانیش بەبێڕستە واتاو مەبەست ناپێکن، بۆیە دەبێت وشەکان لە چوارچێوەیڕستەو دەوروبەرداڕوون دەکاتەوە.

پاڵەوانی سەرەکی لەم کتێبەدا ((سمۆرە)) یە، کە گیاندارێکی شیردەرە، بە زۆری لە ناو دارستان دەژی، کلکێکی پڕو گەورەی هەیە، دوو چاویڕەش‌و گەورەی هەیە، خواردنی سەرەکی گوێزو بەڕووە... بەڵام لێرەدا مۆز دەخوات‌و گیا بە مەڕ دەدات‌و دۆ دەخواتەوە......هتد.

کتێبی (ئەلفوبێی نوێ) پشتی بەڕێگای تێکەڵ بە سوود وەرگرتن لە هەموو شێوەکانی فێربوونی خوێندنەوەو پاشان جێبەجێکردنی لە چوارچێوەی دەنگ و بڕگەو وشەوڕستەو دەق، چیرۆکەکانی زیاتر لە ژیانی منداڵەوە نزیکە چێژێکی تایبەتی بە منداڵان دەبەخشی، کە ئەمەش وا لە منداڵ دەکات زیاتر ببێت بە دۆستی خوێندنەوە. بە میکانیزمێك کار دەکات ئەویش ئەوەیە لە هەر بابەتێکدا یەك پیتی نامۆ، ئەویش بەڕەنگێکی جیاواز نوسراوە فێر دەکرێن، کە لە تێکڕایڕستەکانی تری ناو بابەتەکە جگە لە پیتە نوێکە هیچ پیتێکی تری نامۆ بەدی ناکرێت. [٢]

٢٢. خێزانی کورد هەمیشە بە تێڕوانینێکی ئابورییانە لە داهاتووی منداڵەکانیان دەڕوانن، بۆیە هەر لە ساتی لەدایکبوونییەوە قوتوویەکیان بە گەچ لە شوێنێکدا جێگیر دەکردو پێیان دەگوت دەخیلە، ڕۆژانە وردەیەکیان دەدایەو ئەویش دەیخستە ناوییەو نزیکی جەژنان بۆیان هەڵدەپچڕین و جلوبەرگیان پێ دەکڕی و ئەوەیشی دەمایەوە یەکسەر بۆ شوێنی چەرخ و فەلەك و یارییەکان دەبرد بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش بە سەر بەرن، مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵداریش ئەمەی بۆ مەبەستی فێرکردنی پیت و وشەکان سوود لێوەرگرتووە و هەر جارەو پیتێکی پێ دەگوتنەوەو هەر بەو پیتە پاشەکەوتکراوانە وشەو ڕستەی لێ دروست دەکردن تەنیا یەك پیتی نوێ بە ڕەنگی سوور دەخستە ڕوو، بۆیە منالان هەمیشە چێژیان لێدەبینی.

**بەشی دووەم /بەراوردو هەڵسەنگاندن بۆ بابەتە زمانەوانیو پەروەردەییەکانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی:**

**١-٢ : بەراوردو هەڵسەنگاندن بۆهەردوو کتێبی (ئەلف و بێی نوێ) و (کتێبی خوێندنی کوردی):**

لـە بـەراوردکردنی هـەردوو پڕۆگرامەکـەدا، کـە سەرچـاوەی یارمەتیـدانی پرۆسـەی فێربوونـە، بـە تایبەتڕێخۆشکەرە بۆ ئـەوەی منـداڵان فێـری خوێندنـەوەو نوسـین بـبن لـە قۆنـاغی بنەڕەتیـدا، کـە پڕۆگرامـی ئـەلفبێی نـوێ کـۆنترین پڕۆگرامـە و خوێنـدنی کـوردی ئـەم پڕۆگرامەیـە، کـە ئێسـتا لـە قۆنـاغی بنـەڕەتی دەگوترێتەوە، هەموو بەراوردێك پێویستە لەسەر بنەمایەکی زانستی ئەنجام بدرێت، بنەمای بـەراوردکردنی ئـەم کارە، ئاسـتەکانی زمانـە، واتـە ئاسـتەکانی زمـان کراوەتـە پێـوەر بـۆ دۆزینـەوەی خاڵـە هاوبـەشو جیاوازەکـان و هەڵسەنگاندنیان، بۆ ئـەوەی بسـەلمێنرێت، کەڕێگـەی سـەرکەوتو بۆئـەوەی منـداڵ فێـری پیتـەکانی زمـانی دایکـی ببێت، کەئەمە(مافێکی سەرەتایی هەموو منداڵێکە) تاکو لـە ئەنجامـدا ببنـە دۆسـتێکی هەمیشـەیی خوێندنـەوەو نوسین، هەر تەنها بە خستنەڕووی پیتەکان نەبێت، بەڵکو ناسینەوەو بـەکارهێنانی سـەرجەمیان لـە نـاو یەکـەی زماندا(دانەفەرهەنگییـەکان)دا، ئاسـتە سـەرەکییەکانی زمـان بەسـەر سـێ ئاسـتی سـەرەکیدا دابەشـدەبێت، ئاسـتی (دەنگ، وشە،ڕستە)[٢٣]. هەریەکـە لـەم پڕۆگرامانـەش بـە پێـوەری ئاسـتە سـەرەکییەکان خـاوەن لایـەنی بـە هێـزو لاوازن بەرەچـاوکردنی لایـەنی پـەروەردەییو زانسـتی لەڕوانگـەی دەنگیـیو وشەییوڕسـتەییەوە. شـێوازی بەکارهێنانوڕیزبەندی پیتەکان جیاوازن.

**١-١-٢ : ئاستی دەنگ:**

أ/ لـە پڕۆگرامـی ئـەلفبێی نوێـدا، فێربـوونی پیتـەکانی زمـانی کـوردی لـە چوارچـێوەی وشەوڕسـتەدا، بەمڕیزبەندییەی خوارەوە دانراون: ( د، اڕ، ی، و، ە، وو، ز، ۆ، ئـ، ێڕ، ژ، یـ، یێـ، ن، نـ، م، مـ، ب، بـ، ت، تـ، س، سـ، ش، شـ، ك، کـ، پ، پـ، گ، گـ، ل، لـ، ه، ڵ، ڵـ، ق، قـ، لا، ـلا، ف، فـ، ڤ، ڤـ، ج، جـ، چ، چـ، خ، خـ، ح، حـ، ع، عـ، غ، غـ) ژمـارەی پیتـەکان بـە (٣٤)پیـت دانـراوە، کەبـە (٥٨) بابـەت خراوەتـەڕوو، پیتـەکان بـەپێی شـوێنیان لـە (کۆتـایی، سـەرەتا، ناوەڕسـت)ی وشـەدا دابەشـکراون، هـەروەها دوو پیتـی بەسـەریەکەوە بەیـەك پیـت هـەژمارکردووە، کەبریتین لە(لا، ـلا) ئەمە بریتییە لە دوو پیت، کە بەم شێوەیە بەکارهاتووە.

| | |
|---|---|
| لا= ل + ا | ڵا= ڵ + ا |
| ٢= ١ + ١ | ٢= ١ + ١ |

هەروەها پیتە کوردییە چالاکەکانی لەسەرەتای پڕۆگرامەکەدا داناوە، پیتە ناچالاكو وەرگیراوەکانی خراونەتـە کۆتایی پڕۆگرامەکە، لە کۆتاییدا لاپەڕەیەکی وێنەییو نوسینی ناوی شتەکانو هەڵبژاردنی پیتێکی وشەکە، دواتر هەشت بابەتی تر هاتوون، کە بۆڕاهێنان لەسەر خوێندنەوەو نوسین پڕۆگرامەکە تەواو دەبێت.

ب/ لـە پڕۆگرامـی خوێنـدنی کوردیـدا، بەشـێکی سـود وەرگـرتنو بەشـێکی لاسـایی کردنـەوەی پڕۆگرامـەکانی پێشووترە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەڕیزبەندیان بۆ پیتەکان کردووە: (د،ڕ، ا، ە، ز، و،ڕ، ۆ، ی، ئـ، ن، ژ، ێ، ب، س، وو، م، ت، ك، ح، ش، پ، گ، ف، ل، ع، ڵ، ه، ق،خ، ج، غ، ڤ، چ) ژمـارەی پیتـەکانی ئـەم پڕۆگرامـە بـە (٣٤)پیـت دانراوە، کە بە (٣٢) بابـەت فێرکردنـی پیتـەکان خراوەتـەڕوو، هـەروەها هـەردوو پیتـی(ا، ە) لـە دوای (د،ڕ) وەك

---

[٢٣]. محەمەد مەعروف، زمانەوانی، ٢٠١١، ل٥٤.

چالاکییەك خراوەتەڕوو، لەم پڕۆگرامەدا لە هەر بابەتێکدا شێوەی کۆتاییو سەرەتایی پیتەکان خراوەتەڕوو چەند چالاکییەکی جیاواز بۆ فێربوونی پیتەکان دانراوە بۆڕاهێنانو نوسینەوە.

بە بەراوردکردنی هەردوو پڕۆگرامەکە بەیەکتر، ئەم خاڵانەی خوارەوەڕوندەبێتەوە:

١- لە هەردوو پڕۆگرامەکەدا ژمارەی پیتەکان یەکسانن بە (٣٤) پیت.

٢- لە پڕۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا، پیتە وەرگیراو بێگانەکان خراونەتە کۆتایی پڕۆگرامەکە، بەڵام لە پڕۆگرامی خوێندنی کوردیدا ئەمڕیزبەندیەڕەچاونەکراوە.

٣- لە پڕۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا، شێوەی پیت لە کۆتاییو سەرەتاو ناوەڕاستد بە بابەتی سەربەخۆ باسکراوە، کە ئەمەش بارگرانییەكو نارێکییەك دروست دەکات، بۆ قوتابیو مامۆستا، بەڵام لە خوێندنی کوردیدا بەیەك بابەت شێوەکانی پیتی خستۆتەڕوو.

٤- لە پڕۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا، لەڕووی زانستیو پەروەردەییەوە هەژمارکردنی دوو پیت بەیەك پیتی سەربەخۆ، شێوەیەکی ناجۆرو پەسند نییە، واتە هەریەکە لە (لا، ڵا) لەڕاستیدا دوو پیتنو یەك بڕگەیان پێکهێناوە، نەوەکو یەك پیت بێت.

٥- هەردوو پڕۆگرامەکە بە پیتی(د) دەست پێدەکات، بەڵام جیاوازیان لە شوێنو پێگەی پیتەکەدایە، کە لە پڕۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا، پیتی مەبەست لە سەرەتای وشەکەوە دێت، کەچی لە خوێندنی کوردیدا، لە کۆتایی وشەکەوە دێت، لەڕووی زانستیو پەروەردەییو فێربوونەوە، منداڵ لەڕێگەی بەلوتکەکردنەوە واتە(پیتەکە لە سەرەتاوە بێت) باشترەو زووتر فێردەبن.

هەردوو پڕۆگرامەکە پیتی مەبەست بەڕەنگی سوور نوسراوە، کە ئەمەش هۆکارێکی گونجاوە بۆ ناسینەوەو فێربوونی پیتەکە، بەڵام خاڵی جیاواز لەم پڕۆگرامەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە لە پڕۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا، بەشێوەی پاشەکەوتکردن پیتەکان دەخاتەڕوو، هەرچی پڕۆگرامی خوێندنی کوردیە، ئەمڕێگەیەی پشتگوێ خستووە، لە چوارچێوەی وشەیەکدا، کە پیتەکانی فێرنەبووە، پیتێکی نوێ بەڕەنگی سور خستۆتەڕوو، ئەمەش بەهۆی کاریگەربوونو لاسایی کردنەوەی پڕۆگرامی فێربوونی پیتەکانی زمانی ئینگلیزییە، بەڵام لە پڕۆگرامە ئینگلیزیەکانی قۆناغی بنەڕەتیدا، پیتی مەبەست بەڕەنگی سور لە سەرەتای وشەکەیە.

د= ئامەد ، د= زەرد          A= Aplle

٦- لە پڕۆگرامی خوێندنی کوردیدا، سەرەڕای ئەو وشەوڕستانەی لە بابەتەکەدا هاتووە، کۆمەڵێك چالاکی زیاتر خراوەتەڕوو، کە وشەوڕاهێنانی جیاوازی هێناوە، بۆ فێربوونو نوسینەوەی پیتەکان، پڕۆگرامەکە لەجیاتی تیانوس بەکاردێت، بەڵام لە پڕۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا،ڕاهێنانی تێدا نەهاتووەو پیویستە منداڵان تیانوس بەکاربهێنن بۆڕاهێنانو نوسینەوەو ناسینەوەی پیتەکان.

٢-١-٢ : ئاستی وشە:

گومان لەوە دانییە، کە منداڵ بەقۆناغەکانی فێربوندا تێپەڕدەبن، وەکو قۆناغی(پێش گروگاڵ(هاوارکردن)، گروگاڵ، لاسایکردنەوە(وشە)، واتا پێبەخشین(ڕستە)، ئاماژە پێدان)ئەم قۆناغانە هەمویان بەدوایەکدا دێنو لە هەر قۆناغێکدا فەرهەنگی ئاوەزی فراوانتر دەبێت،[٢٤] هەردو پڕۆگرامی خوێندن بە شێوازی جیاواز مامەڵەیان

[٢٤] - جەمال حەسەن مینە، توانستو چالاکی زمانی لای منداڵی کورد، ل (٥١ - ٥٦)، ٢٠١٣.

لەگەڵ وشە کردووە، واتە لێرەدا لەڕێگەی داتاو هێنانەوەی نمونە هەڵسەنگاندنێك بۆ هەریەکە لە پرۆگرامەکان ئەنجام دەدەین، پاشان بەراوردێکی پوخت دەخەینەڕوو:

ا/ پرۆگرامی ئەلفبێی نوێ، شێوازێکی تێکەڵی پەیرەوکردووە لە بەکارهێنانی وشەکان، ((زۆربەی ئەو وشانەی کەمنداڵ بۆ یەکەم جار گۆی دەکات، وشەی تاکە بڕگەی دووبارەکراو دەبێت))،[25] واتە سەرەتا لە وشەی سادەی یەك بڕگەی دەست پێدەکات، وەکو (دادا، بابا، ماما، ..)ئەم وشانە لای منداڵرستەی واتا دارن، پاشان فێری کۆمەڵە وشەوڕستەیەك دەبێتو دەنگەکان باشتر دەردەبڕێتو تاکو قۆناغی شەش ساڵی (یەکەمی بنەڕەتی/ سەرەتایی) لەم قۆناغەدا (سمیث) دەڵێت: کاتێك منداڵ دەگاتە تەمەنی یەك ساڵ تەنها (٣) وشە فێردەبێت، لە دوو ساڵیدا(٢٧٢) لە چوار ساڵیدا (١٥٤٠)وشە، لە شەش ساڵیدا(٣٥٦٣) وشە فێر دەبێت.[26] لە پرۆگرامی ئەلف بێی نوێدا، لە مۆرفیمە تاك بڕگەیەکانەوە دەست پێدەکاتەوە، کە خودی دەنگەکانرەنگدانەوەی وشە تاك بڕگەیەکانی منداڵییە، دەنگی(د، ا،ڕ) فێردەکات، دواتر وشەی(دار، دارا، داو، دی، وی) کە وشەی یەك بڕگەیی و دوو بڕگەیی فێردەکات، واتە بەگشتی بڕگەکانی بریتین لەو بڕگانەی، کە بە پیتی بزوێنی کراوەی(ا)دروست بونو پرۆگرامەکە بەو بڕگانە دەست پێدەکات، کەواتە ((منداڵ یەکەم وشەی دەدرکێنێت بە کۆکردنەوەی دوو دەنگ یەکێکیان بزوێنو ئەوەی تریان نەبزوێن))[27] سەرەڕای ئاسانی لە دەربڕینو ئاسانی لە نوسینو ناسینەوە لەو وشانەی لەم جۆرە وشانە بەدی دەکرێت، هەر بۆیە ئەم وشانەی لە سەرەتای پرۆگرامدا هاتوون، شێوەیەکیڕاست یان کەوانەی یان کەوانێکی تیژیان پێبەخشراوە، دووبارە دەبنەوە وەکو (د، ا، ڕ)، بۆیە گۆکردنی دەنگی پیتەکان ئاسانتر دێتە دەربڕینو گۆدەکرێت، چونکە ئەم دەنگانە هەم کراوەنو وەزەی کەمی پێویستە بە پێی یاساکانی ئابوریکردن، هەروەها بەشە ئاخاوتنی (ناو، جێناو، کردار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکارو پێشبەند) بەڕیزبەندی فێردەبن[28]، پرۆگرامەکەش بە وشەی(دارا، دار، دوو، داو، دی، وی، دوور، وەرە،زارا، دۆ، زوو، ئاو، ئێ، ...)دەست پێدەکاتو سود لەم تیۆریانە وەرگیراوە، ئەگەر بڕوانینە نەخشەی ژمارە(١)[29] دەبینین، کەڕێژەی بەکارهێنانی وشەی سادە بریتییە لە (٤٢٪) لە کۆی وشە بەکارهاتووەکان، کە بەگشتی زۆرترین وشەکان وشەی سادەنو لەبارن بۆ فێربونو گونجاون لەڕووی پەروەردەییو زانستییەوە گونجاون، پاشان وشەی داڕێژراو دەردەکەوێت، کە دوای چەند بابەتێك، کە وشەی سادە بەکاربراون، لە پاشاندا وشە داڕێژراوەکان هاتوون، وەکو (دەرەوە، دادە، زەردە، دەرێ، ژوورەوە، بەردەوە، توتکە، دیلانێ،....)[30] بەڕێژەی (١٥٪) وشەکان داڕێژراون، بەڵام بەڕێژە لە پلەی سێیەمدا دێت، وشە داڕێژراوەکان بەشێکیان شێوەی وشەی سادەیان وەرگرتووە، هاوکات وشەی لێکدراو بە پلەی دووەم دێت، ئەو وشە لێکدراوانە زۆر بەکارهاتوون، کە سادەو ساکارنو زیاتر لە جیهانی منداڵ نزیکە، بۆیە دەربڕینیشیان ئاسانترە، ئەم وشانە بەڕێژەی(١٦٪) دێت لەم پرۆگرامەدا، وەکو(دوودار، ئاودان، شوشەشێر،

---

[25] - عبدالکریم محمد شنطاوی، گەشەکردنی زمانی منداڵ، وەرگێڕانی ئازاد ئەمین باخەوان، ناصح محمد فاتح ل(٣٤)، ٢٠١١.

[26] - هەمان سەرچاوە، لا ٣٥.

[27] - جەمال حەسەن مینە، توانستو چالاکی زمانی لای منداڵی کورد، ل(٦٠)، ٢٠١٣.

[28] - عبدالکریم محمد شنگاوی، گەشەکردنی زمانی منداڵ، وەرگێڕانی ئازاد ئەمین باخەوان، ناصح محمد فاتح ل(٣٦)، ٢٠١١.

[29] - وەرگرتنو هەژمارکردنی وشە، بە شێوەیەك ئەنجامدراوە، کە بەپێی پلانی توێژینەوەکەو بونی کەرەستەو بەشە ئاخاوتنەکانو جۆرەکانیان، لێکجیا کراونەتەوەو هەژمارکراون لەکاتی دووبارەبونەوەی وشەکان، دووبارە هەژمار نەکراونەتەوە، چونکە وشەی(دارا، نەسرین، ئازاد، وەرە، دار، ئۆی، زۆر، زوو، دوو، ....) واتە تەنها یەکجار هەژمارکراون.

[30] - ئەم وشانە ڕای جیاوازیان لەسەر هەندێکیان هەیە، (دادە) ئایا (ە) بە پاشگر دابنرێت، یان بوبێتە بەشێك لە وشەکە، لێرەدا وەك داڕژراو هەژمار کراون، بەڵام هەندێ زمانەوان پێیان وایە، لە ئیستادا وەك وشەیەکی سادە بەکاردێن.

شەڕەمریشك، پشەسپی، بلوێرلێدان، گابەڵك، غارغارێن....)ئەم وشە لێکدراوانە لە بەشە ئاخاوتنە جیاوازەکان وەرگیراون، هەندێکجار بەشە ئاخاوتنی تری پێکهێناوە، هەروەها فرێز بە شێوە جیاوازەکانییەوە بەڕێژەی(١٢٪) پلەی چوارەمی گرتووە، فرێزە بەکاربراوەکان زیاتر ئەو فرێزانەن، کە شێوەی وشەیان بەخۆوەگرتووە، یان فرێزی دەرخەرو دەرخراوین، وەکو (داویدارا، دۆی دادە، بەبەی زەینەب، کەوی من، یاریی تۆپ، .....) ئەم پرۆگرامە بۆ قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی(سەرەتایی) دانراوە، تاکو منداڵی کورد فێری خوێندنەوەو نوسین بکات، بەڵام لە وشەی بێگانە بێبەش نییە، لێرەدا ناگەڕێینەوەی بۆ ئیتمۆلۆژیای وشەکان، بەڵکو ئەو وشانەی بێگانەن و دیارن، هەژمارکراون، ئەمانەش بەڕێژەی(٨٪) بەکارهاتوون، هەرچەندە هەندێ لەم وشانە وەکوخۆی لەناو زمانی کوردی بەکاردێن، هەندێکیان گۆڕانی فۆنەتیکیان بەسەردا هاتووە، هەروەها پارتیکڵ بەڕێژەی (٦٪)بەکارهێنراوە، وەکو(ئۆی، ئێ، وی، ئەی، ئای، .....) هەندێکجار هەمان پارتیکڵ دووبارە بۆتەوە(ئۆی ئۆی، ئێ ئێ، ....)وشەی ئەرکی بەڕێژەی (١٪) بەکارهاتووە، کە کەمترینڕێژەی وشەی بەکارهاتووی پرۆگرامەکەیە.




**نەخشە (وێنە، فیگەر)ی ژمارە(١)**

**ڕێژەی وشە بەکارهاتووەکان لە پرۆگرامی ئەلفوبێی نوێ**

ب/ڕێژەی بەکارهێنانی وشە لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا[٣١]، شێوەی تایبەتمەندی وەرگرتووە، چونکە ئەم پرۆگرامە لە دوای چەند پرۆگرامێکی تری کوردیو بەکاریگەری پرۆگرامە بیانییەکان دانراوە، وشەی سادە لەم

[٣١] - بۆ زانیاری زیاترو بەکارهێنانی ڕێژەی وشە بەکارهێنان، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢).

پرۆگرامەداڕێژەی (٧٥٪) وشە بەکارهاتووەکان دەگرێتەوە، کە وشەکانیان تاڕادایەك ئاڵۆزترنو هێندێکیان لە جیهانی منداڵان دورن، وشە سەرەتاییەکان، کە پرۆگرامەکە لەیەکەم بابەتدا هاتوون ناونو ژمارەی برگەکانیان دوو یان سێ برگەیە، کە لەڕوی ئابوریکردنەوە، وزەی زیاتری دەوێت، نمونە(ئاماد، پەنجەرە، باران، کۆلارە، کیسەڵ، برژانگ،....) لە چالاکیەکانیڕاهێنانی بابەتەکان، وشەی جیاوازتر بەکارهاتووە، هەروەها داڕێژراو (٦٪) بە پلەی چوارەم دێت، نمونەی ئم وشانەش بریتین لە (دەروازە، هەفتە، نانەوا، بەسود،....) بەشی زۆریان لە ناوڕاهێنانو چالاکییەکاندا بەکارهێنراون، وشەی لێکدراو(٧٪) پلەی سێیەمی گرتووە، وەکو(مراوی،ڕەشەبا، زانکۆ، نەورۆز، مریشك، کەڵە باب،...) وشە لێکدراوەکان هەندێکیانڕونو ئاشکرا دیارن، کە لە دوو وشە یان زیاتر پێکهاتوون، هەندێکیتریان لای هێندێ زمانەوان وەك یەك وشە مامەڵیان دەکرێت، وشەی وەرگیراو (١١٪) بەپلەی چوارەم دێت، کە لە زمانە بێگانەکان وەرگیراون، لە ناو پرۆگرامدا بە کارهاتوون، وەکو(زەیتون، سیدی، کەباب، پۆلیس،...)هەروەها پارتیکڵ(١٪) هاتووە، فریز(٠٪) هەریەکە لەم وشانەڕێژەیەکی تایبەتیان بەرکەوتوە، کە پرۆگرامەکە، بەکاری هێناون، هەروەکو چۆن لە نەخشەی ژمارە(٢)ڕونکراوەتەوە.




**نەخشەی ژمارە(٢)**

**ڕێژەی وشە بەکارهاتوەکان لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا**

**٣-١-٢ : ئاستیڕستە**

بەکارهێنانیڕستەی لای منداڵ جیاوازیی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە دوا بە دوای قۆناغی وشە، قۆناغیڕستەیی دەست پێدەکات، کەڕستەکان هێندە کورتن یەك تاکە وشەیەك وەکوڕستەیەك بەکار دەهێنێت،

یانڕستەی زۆر کورت[٣٢]، بۆ نمونە کاتێ دەڵێت: (ئاو) واتە(ئێستا برسیمە، ئاوم بۆ بهێنن، دەخۆمەوە) لەم بارەیەوە (کەریم شەریف) دەڵێت: (هەرچەندە دەستنیشانکردنی تەمەنێکی دیاریکراو بۆ ئەم قۆناغەش شتێکی ئەستەمە، بەڵام بەگشتی لە ناو ساڵی یەکەم دەست پێدەکاتو لە ناو ساڵی دووەم کۆتایی دێت و منداڵ بۆ پڕکردنەوەی ئارەزوەکانی تەنها یەك وشە لە جیاتیڕستەیەك بەکار دەهێنن)[٣٣] واتە قۆناغیڕستەیش بە شێوەیەکی سادەو ساکار دەست پێدەکات، پاشان بەرەو ئاڵۆزی دەچێت، قۆناغی(رستەی یەك وشەیی،ڕستەی دو وشەیی،ڕستەی تەواو و ئاڵۆز،...) لێرەدا لایەنی بایۆلۆژیو تەندروستیورەگەزو زیرەکی و پەروەردەو کۆمەڵایەتیو ژینگەییو...هتد. هەموویان کاریگەریان لەسەر فێربون، دەربڕینیڕستەکان هەیە، ئەم دوو پڕۆگرامەش بە پێی بەکارهێنانی خۆیانڕستەیان بۆ فێربوون بەکارهێناوە، کە بە داتا لە نەخشەی ژمارە(٣، ٤) خراوەتەڕوو، بەپێی جۆریڕستە لەڕوی سادە و ناسادەیی خراوەتەڕوو.

أ/ لە پڕۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا، زۆربەی بابەتەکان بەڕستە دەربڕاون لە شێوەی چیرۆكوڕوداو، کە بەگشتیڕستە بەکارهاتووەکانی ئەم پڕۆگرامەڕستەی سادەن بەڕێژەی (٥٨٪) هاتوون، کەڕستەکان لەڕستەی زۆرسادەو ساکار بەکارهاتوون، دواترڕستەی لێکدراو و ئاڵۆز هێنراونە ناو پڕۆگرامەکە، وەکو:

- وەرە.
- ووس بە.
- ڕۆژ باش.
- دارا داری دی.
- زارا وەرە ئێرە.
- دۆی دادەڕژاوە.
- وا ئازادڕۆیی.
- دارا وەرە دەرەوە.
- دارا دوو داری دی.

هەروەها لەم پڕۆگرامەدا،ڕستەی لێکدراو(٣٦٪) پلەی دووەمی وەرگرتووە، کۆمەڵەڕستەیەکی لەناو بابەتەکاندا هێناوە، کە بەشێوەیەکی لێکدراو بەکارهێنراوە، زۆربەیڕستەکانڕوداوبەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، وەکو:

- ئەو زریزە زیوە، زریزەی ئازادە.
- ئەو دارە درێژە، وارواوە.
- ڕستەی ئاڵۆزش پلەی سێیەمی بەردەکەوێت، کە بەڕێژەی(٦٪) بەکارهاتووە، لە ناو پڕۆگرامەکەدا، بەتایبەت لە بابەتەکانی کۆتایی پڕۆگرامەکەدا، وەکو:
- ئەو دوو دارە زوو دەڕوێن، زووزوو ئاو دەدرێن.
- ئەم دوو دارە دەڕوێنم، دوای ئەوە دێم.
- وەرە، بڕۆین بۆ ناو ئەو عەردانە.
- قەڵغان وەك ساج وایە، تیغ نایبڕێ، بۆ شەڕە شیر بەکار دێت.

---

[٣٢] - جەمال حەسەن مینە، توانستو چالاکی زمانی لای منداڵی کورد، ٢٠١٣، ٦١.

[٣٣] - کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ، وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ٢٠٠٢، ٦٧.

لێرەدا بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە نەخشەی (٣).




**نەخشەی ژمارە(٣)**

**ڕێژەی بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕستەی لە پڕۆگرامی ئەلفبێی نوێدا**

ب/ لە پڕۆگرامی خوێندنی کوردیدا، بەگشتی لە بابەتەکاندا وشە بەکارهاتووە، بەڵام هەندێجار لە ناو چالاکیەکان وراهێنانەکانداڕستەی بەکارهێناوە[٣٤]، کە زۆربەیان سادەن،ڕستەی ئاڵۆز لە هەندێ بابەت، وەکوڕستەی سادە بەکارهاتوون،ڕستەکانیش بەمڕێژەیە، بەکارهاتوون.

ڕستەی سادە زۆرترینڕێژەی بەردەکەوێت، کە بەڕێژەی (٧٠٪)ڕستەکانی ناو پڕۆگرامەکەیە، وەکو:

- ئاری وەرە.
- ڕەوەز وەرە دەرەوە.
- زانا نانەوایە.
- دارا و زارا وەرن.

ڕستەی لێکدراو بەڕێژەی دووەم دێت، کە (٢٩٪)ڕستەکانی پڕۆگرامەکە پێکدەهێنێت، وەکو:

- یاری دەکەین و ستران دەبێژین.
- ئێمە ستران و حەیران دەبێژین.

[٣٤] - لە پڕۆگرامی خوێدنی کوردیدا، هەڵەیەکی زانستی هەیە، کە منداڵ ناتوانێن ڕاستیەکەی بزانێت، لە لاپەڕە(١٠٠) وەرزی یەکەدا، چالاکییەك ئەنجام دراوە بە شێوەیە:

- ئەمە ____ە. وێنەی کوڕێك دروستکراوە بە پەنجە ئاماژە بە (سەیوان)ە. (ئەمە سەیوانـــە)ئەمە دروستە، بەڵام چالاکییەك لە بەرامبەریدا کراوە، کەنوسراوە، (ئەوە ............... ـــە.) وێنەی بەرامبەری وێنەی سێوێك کراوەو کوڕێك ئاماژەی بۆ دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا پێویستە (ە)بزوێنی کورت بکرێتە بزوێنی سەربەخۆ نەوەکو لکاو، بەم شێوەیە بێت، تاکو منداڵەکە وشەی (سێو) لە بۆشاییەکە بنوسرێت (ئەوە سێوە.)

- برادەران وەرن، با کۆبینەوە.
- ئەوەی کارنەکات، ناژیت.
- برادەران وەرن، یاری بکەین.

ڕستەی ئاڵۆز زۆر کەم بەکار هاتووە، بۆیە ئەمڕستانە بەرێژەی کەمتر بەکارهاتوون، لەبەرئەوەی منداڵ زۆر ناتوانێت لەمڕستانە تێبگاتو شییان بکاتەوە، بۆیە لەم پرۆگرامەدا بەرێژەی (١٪) هاتووە، وەکو:

- تارا زستان ساردە، باران دەبارێت، بەهاریش دەچینە سەیران.




**نەخشەی ژمارە(٤)**

**ڕێژەی بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕستە لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا**

هەڵسەنگاندنو بەراوردی ئەم دوو پرۆگرامە دەگەینە ئەو خاڵانەی خوارەوە:

١- وشەی سادە لە هەردوو پرۆگرامەکەدا پلەی یەکەمیان بەردەکەوێت، بەڵام لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا بەرێژەیەکی زۆر بەرز، کە دەکاتە(٧٥٪) ی وشە بەکارهاتووەکانی پرۆگرامەکە، بەڵام لە پرۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا بەرێژەی(٤٢٪) بەکارهاتووە، هەروەها وشەی دارێژراو بە پلەی سێیەم دێت، کە لە پرۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا بەرێژەی (١٥٪) دێت، بەڵام لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا بەرێژەی(٦٪) بە پلەی چوارەم دێت، وشەی لێکدراو لە هەردوو پرۆگرامدا جیاوازیان هەیە، کە لە پرۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا بەپلەی دووەم دێت بەرێژەی(١٦٪) هەروەها لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا بەپلەی سێیەم دێت بەرێژەی(٧٪) ، فرێز لە پرۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا بەرێژەی(١٢٪) هاتووە بە پلەی چوارەم، لە هەمان کاتدا فرێز لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا بەرێژەی (٠٪) دێت، وشەی وەرگیراوە لە پرۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا بەرێژەی(٨٪) بە پلەی پێنجەم دێت، هاوکات لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا بەرێژەی(١١٪) بە پلەی دووەم دێت، هەروەها پارتیکڵ لە پرۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا بەرێژەی(٦٪) بە پلەی شەشەم دێت، بەڵام لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا بەرێژەی(١٪) بە پلەی پێنجەم

دێت، هەروەها وشەی ئەرکی لە پرۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا بەرێژەی(١٪) بە کەمترینرێژە دێت، هاوکات لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا (٠٪) هاوتای فرێز لەم پرۆگرامەدا بەکار نەهاتوون.

٢- واتای وشەکان لە پرۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا، بە گشتی لەگەڵ ئاستی توانای تێگەیشتنو دونیای منداڵ نزیك دەبێتەوە، گرنگی زۆر بە کلتورو فۆلکلۆری کوردی دراوەو وێنەکان هاوتای واتای بابەتەکانن، بەڵام لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا، هەندێك وشەی بەکارهێناوە، کە هەمو منداڵێك لێیان تێناگاتو دورن لە دونیایی منداڵان، جیاوازی دەبینرێت لە بەکارهێنانی وێنەکان.

٣- رستەی سادە لە هەردوو پرۆگرامەکەدا،رێژەی زۆرترینی بەر دەکەوێت، بەڵام لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا،رێژەکە زۆر بەرزە، ڕستەی لێکدراو لە هەردوو پرۆگرامەکەدا بە پلەی دووەم دێت، بەڵام لە پرۆگرامی ئەلفوبێی نوێدا رێژەکە زیاترە، ڕستەی ئاڵۆز لە هەردوو پرۆگرامدا پلەی کۆتایی بەردەکەوێت، بەڵام لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا،رێژەیەکی زۆر کەمی بەردەکەوێت.

٤- لە هەردوو پرۆگرامدا سەرەبابەتی وانەکان بریتییە لە وشەو لە هەندێکیانداڕستەی سادەن.

ئەنجام:

١) پیت نوێنەری فۆنیمە، هەموو فۆنیمێك پیتێکی هەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا مەرج نییە هەموو پیتێك فۆنیمێك بنوێنێت، چونکە هەندێ پیت بە هۆی زاڵبوونی زمانێکی بێگانەوە خۆی خزاندۆتە ناو زمانی کوردییەوە، بە ئامادەکراوی لەگەڵ وشەکەدا هاتووە، هیچ واتایەکیش لە ناو وشەکانی زمانی کوردیدا ناگۆڕێت، بۆیە تەنیا پیتی هەیە واتە وێنەی هەیە، بەڵام پلەی فۆنیمی لە زمانی کوردیدا نییە.

٢) لە ناوڕێگاکانی فێرکردنی خوێندنەوەدا هەردوو کتێبی (ئەلف و بێ نوێ) و (کتێبی خوێندنی کوردی) سودیان لەڕێگای تێکەڵ وەرگرتووە، بەڵام مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە (ئەلف و بێ)کەیدا زیاتر سودی لەورێگایە بینیوەو زیرەکانە توانیویەتی لەگەڵ جیهانی منداڵدا بیگونجێنێت.

٣) کتێبی خوێندنی کوردی زیاتر پشتی بە وشە بەستووە پێی وایە وشە گرنگترین بەشی زمانەو لەڕێی وشەوە دەکرێت منداڵان بە دونیای خوێندنەوەوە ببەستنەوە، بەڵام کتێبی ئەلف و بێ وشەورستەو تەنانەت لەو وشانەی پاشەکەوت کراون لە ژیانی تایبەتی منداڵدا چیرۆکی زۆری لەخۆ گرتووەو هەست دەکەیت، خویان بە ژیانی خۆیانەوە گرتووەو منداڵان بە ژیانی ڕۆژانەی خۆیانەوە خەریکن و لەورێگەیەوە منداڵان بە دونیای خوێندنەوەوە ئاشنا دەکەن.

٤) بە پێی ئەو ئامارو داتایانەی لەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕوو، ژمارەی ئەو پیتانەی لە هەردوو پرۆگرامدا بەرانبەر بە یەکن واتە ژمارەیان (٣٤) پیتن، مامۆستا باڵدار هەوڵی داوە فۆنیمە چالاکەکانی زمانی کوردی لە سەرەتاوە بخاتەڕوو، پاشان هەر پیتەو بە پێی دەرکەوتنیان لە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا بە وانەی تایبەتی خراوەتەڕوو، کە ئەمەش ئەرکێکی زیاتر دەخاتە سەر شانی مناڵ.

سەرچاوەکان:

١. بەکر عومەر عەلی، تریفە عومەر ئەحمەد، فۆنیمی (و) درێژ لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی ژمارە (١٥)، ٢٠٠٥.

٢. جەمال حەسەن مینە، توانستو چالاکی زمانی لای منداڵی کورد، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٣.

٣. حسێن بەفرین، گەڕانەوە بۆ لای باڵدار، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی: ٢٠١٥.

٤. سوزان عبدالستار عبدالحسین: تقویم الطریقة الهجائیة، مجلة الفتح (٥٠)، ٢٠١٢.

٥. عبدالرحمن بن ابراهیم الفوزان، دروس في النظام الصوتي للغة العربیة، ١٤٢٨هـ.

٦. عبدالکریم محمد شنطاوی، ، گەشەکردنی زمانی منداڵ، وەرگێڕانی، ئازاد ئەمین باخەوان، ناصح محمد فاتح ، گەشەکردنی زمانی منداڵ، کەرکوك، بڵاوکردنەوەی یەکێتی نوسەرانی کورد، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

٧. غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، بەغدا، ١٩٨٤.

٨. قحطان احمد الظاهر، صعوبات التعلم، ط١، ٢٠٠٤، عمان الاردن.

٩. القراءة والکتابة مع طفلك من مرحلة الروضة حتی الصف السادس، وزارةالتربیة والتعلیم في أونتاریو، ٢٠١٢.

١٠. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ، ٢٠٠٢، وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.

١١. لطیفة حسین الکندري، تشجیع القراءة، الطبعة الاولی، الکویت، ٢٠٠٤.

١٢. محەمەد مەعروف، زمانەوانی، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١١.

١٣. محمد عدنان علیوات، تعلیم القراءة لمرحلةریاض الاطفال والمرحلة الابتدائیة، الاردن، ٢٠١٣ .

١٤. شێوەی تایبەتی دوکتۆر سۆران کوردستانی، کوردی فێربین،http://www.sorankurdistani.com/kurdiferbin

١٥. منی الحمادي٢٠-٨-٢٠١٥.http://bafree.net/alhisn/showthread.php?t=٥٨٦٢٤

١٦. Kaith Johnson and Helen Johnson, Encyclopedic Dictionary of Applied Linguistics: ١٩٩٩.

**ملخص البحث:**

**هذا البحث الموسوم ب((من ألِفباء الجديدة للإبراهيم أمين بالدار إلى القراءة الكوردية للصف الاول الاساسي، المقارنة و التقييم التربوي واللغوي)) و يتكون البحث الحالي من الفصلين وأهم النتائج الحاصلة عليه من خلال هذا البحث. الفصل الاول: التي تحت عنوان طرق تعليم القراءة للصف الاول الأساسي، و هم: من الجزء الى الكل، و من الكل الى الجزء، والطريقة التوليفية أي (المختلطة) من كلتا الطريقين، و يتكون الفصل الثاني إحصاء الحروف والكلمات والجمل المستخدمة لدى المنهجين المذكورين من ناحيتي التربوية و اللغوية لمعرفة التلميذ نحو القراءة في المستقبل، و يتكون هذا البحث من عدة نتائج بعد ذلك قد استفاد الباحثان من علم الإحصاء لكي يكون النتائج الاحصائية أكثر قرابة من المنطق.**

## Abstract

This research which is entitled ''From the New Alphabet of Ibrahim Baldar to the Kurdish Reading of the first grade basic level: comparison and linguistic and esucational evaluation'' consists of two sections as well as the conclusions drawn from the study. The first section which comes under the title methods of teaching reading to the first grades of basic level covers topics such as: from part to whole, from whole to part, and the eclectic method (mixed method). The second section however, consists of counting words and sentences used in the two prescribed textbooks from the educational and linguistic perpectives to direct and familiarize pupils to read in the future.

The study ends with some conclusions drawn by the two researchers adopting statistical means to make the results more and logical and reliable.